بانگەواز

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی جیهان

پارلەمانی ئەوروپاو وڵاتانی ئەوروپا

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنور

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهان

ڕێکخراوی پارێزەرانی بێ سنور

هەموو کۆڕوکۆمەڵ و ناوەندەجیهانیەکان

ناوەندو ڕێکخراوە و کۆمەڵە پیشەیی و مافپارێزەکانی وڵات

جەماوەری چەوساوە و ئازادی زەوتکراوی کوردستان

هەروەک ئاگادارن دوو لاو، دوو چالاکی بواری ڕۆژنامەگەری ومەدەنی کورد ، بەناوەکانی عەدنان حەسەن پوور و هیوا بوتیمار ، ماوەی زیاتر لە ساڵێکە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیراون ، سەرەڕای ئازار و ئەشکنجە و بێبەشکردنیان لە هەموو مافێکی مرۆیی و ڕاگرتنیان لە ناهەموارترین بارودۆخی ئەستەم و دژواردا ، سزای دژە ڕەوشت و نا مرۆڤانەی لەداردانیان بەسەرداسەپاوە . پاش وەدەنگ هاتنی جیهان و ناڕەزایەتی سەرارسەری دژبەم کردە ناڕەوایەی دەسەڵاتدارانی ئێران، بەداخەوە کارگێرانی ئێران تا ئێستاش بەکردەوە هەربە شێوەی نامرۆڤانەی خۆیان درێژەدەدەن و عەدنانیان لە چاوەڕوانی و باری ناهەمواری تەندروستی و ڕەوانیدا ڕاگرتووە، هەروەک دەشزانن سزای سەپاوی سەرهیوا لە دادگای باڵای ئێراندا بەرواڵەت شکاو بڕیاری چاوپیادا خشانەوەی درا . بە بەپێی ئەوهەواڵە ڕاست و باوەڕپێکراوانەی کە بە ئێمەگەشتوە و دەگات ، دیسان و بۆجارێکی دیکەش ئەم سزاناڕەوایە بەسەر ئەم چالاکەدا سەپاوەتەوە.

بەپێچەوانەی هەموو یاساو نەریت و پرێنسیبێکی مافناسی و مافپارێزی، دەزگای داوەری ئێران، سەرەڕای هەموو ناڕەزایەتیەکان سزاس کوشتنی بۆ مامۆستا فەرزادیکەمانگەر سەپاندووە و دۆسیەیی چالاکەی مەدەنی هیواشی بۆچاوپیادا خشانەوە هەرسپاردۆتە داوەری سەرتایی و( ئەو دادگای کەیەکەم جار بڕیاری لەداردانی ئەم چالاکەی داوە) . ئەم ڕەوش و هەنگاوەی دەزگای دادوەری ئێران والەئێمەدەکات کەلە هەڵوەشانەوەو چاوپێداخشناوەی ئەم دۆسیەبەگومانبین و وادەزانین ئەمەش یەکێ لە پیلانە شوم دژە ڕەوشتەکانی دەسەڵاتی ئێرانەو ئەو ڕژێمە بڕیاری ناڕەوای خۆی داوەو دەیەوێ بەهەر نرخ و هەر جۆرکە بووە ئەم بڕیارە بە ئەنجام بگەیەنێ .

ئێمەوەک کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە عەدنان و هیوا جارێکی تر جیهان ئاگاداری ئەم مەترسیەدەکەینەوەو داوادەکەین کە زۆر خێراو بەپەلە هەوڵی ڕزگاری ئەم دووچالاکە بدەن و پیلانەکانی دەوڵەت پووچەڵکەنەوە

کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە عەدنان حەسەن پوورو هیوابوتیمار

17_3_2008